# کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی

ن/ژان ئارت شۆلت*
و/هێمن مەحمود



بەپیێ ی تێپەڕبونی سەردەمەکان و بەپیێ ی جیاوازی شوێنەکان و ئایدیا و بۆچونە سیاسیەکان پێناسەی (کۆمەڵگای مەدەنی) جیاوازی لەخۆدەگرێت.

کۆمەڵگای مەدەنی بەپیێی پێناسەکەی (هیگڵ) کە لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا کردویەتی هیچ پەیوەندییەکی بەو کۆمەڵگا مەدەنییەوە نییە وەك ئەوەی کۆمەڵە ژینگە پارێزەکان یاخود ئافرەتان لەکۆتایی سەدەی بیستدا لیێ دەڕوانن.

لێرەدا ئەوەندەی پێویستمان بەوە هەیە کە بزانین(کۆمەڵگای مەدەنی) چیمان لەڕەهەندو سیاسەتە واقیعییەکانی ئەمڕۆدا پێش کەشدەکات،ئەوەندە پێویستمان بەگەشتن بە پێناسەیەکی کۆتایی نیە بۆ چەمکی(کۆمەڵگای مەدەنی).

جابۆیە وەها سەیری (کۆمەڵگای مەدەنی) دەکەین کۆی ئەو چالاکی و هەوڵە ئیختیارییانەیە کە چەند دامەزراوەیەك کە ئامانجیان قازانج نییە و نارەسمین و بەئامانجی کاریگەری جێهێشتن لەسەر سیاسەت و یاساکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامی دەدەن.

بەکورتییەکەی(کۆمەڵگای مەدەنی) کاتێك دروستدەبێت کە هاولاتیان هەوڵێکی داڕێژراو دەدەن لەڕێگای ڕێکخراوە خۆبەخشەکانەوە بەمەبەستی گۆڕینی یاساکان.

(کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی)

سەرەتای قسەکردن لەسەر(کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی) دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان بەو سیفەتەی کە بەشێکە لەتێڕوانینێکی فراوانتر بۆ ماهیەتی جیهانی یان جیهانگیری.

بۆیە تێگەشتنمان لەکۆمەڵگای مەدەنی پەیوەستە بەو تێگەشتنەی کە بۆ جیهانگیری هەمانە،دەتوانین بەچەند شێوەیەکی جیاواز پێناسە بۆ جیهانگیری بکەین،بەڵام شێوە سەرەکییەکەی ئەو مەیلەیە ڕووە و سڕینەوەی جوگرافیەکان کە نابێتە هۆی سڕینەوە هەرێمایەتییەکان،بەڵام ڕەهەندێکی سەرو هەرێمایەتی هەیە و شۆڕدەبێتەوە بۆ جوگرافیا کۆمەڵایەتیەکان.

لەم سیاقەدا،ئەوکاتە(کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی) دروستدەبێت کە کۆمەڵە مەدەنییەکان گرنگی دەدەن بەکێشە نێودەوڵەتیەکان و ئەو هۆکاری پەیوەندییانە بەکار دەهێنن کە دەگات بەنەتەوەکانی دیکە،بەڕێکخستنێکی جیهانیانە،یان لەقۆناغی یەکەمدا بەشداریی لەهاوکارییەکی جیهانیدا دەکەن.

لەزۆربەی جارەکاندا ئەم چوار سیفەتە لەیەکدی جیاناکرێنەوە،بەڵام کۆمەڵە هاولاتیەك ناتوانن جیهانی بن ئەگەر لەڕێگای یەکێك لەو ڕەهەندانەوە نەبێت،بۆ نمونە کاتێك(کۆمەڵێکی ڕێکخراو)هەڵدەستن بەهەڵمەتێك کە سنورەکان دەبەزێنیێ(سنوری نێودەوڵەتان) بۆ باسکردنی بابەتێکی لە جۆری ژینگە،ئەوا دەتوانین ئەو کۆمەڵەیە لەچوارچێوەی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانیدا دابنێین.

کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی زۆربەی زۆری سیفەتەکانی لەسەرەتاکانیساڵی(1960) ەوە وەدەستهێناوە.

لە 10%ی ئەو کۆمەڵانەی لەو بوارەدا کاردەکەن و بیێ سنورن لەو کاتەدا دامەزراون،ئەمەش بەو مانایە دێت لەو سیاقەدا دروستبون و لەگەشەسەندنی جیهانگیریدا گەشەیان سەندوە و پشتی بەهەمان هۆکار بەستوە:ئەو فیکرە گشتگیرەی کە ڕێگا بەهاولاتیان دەدات کە واخەیاڵی جیهان بکەن تاکە شوێنە.

(گەشە پێدانی سەرمایەداری لەسەر ئاستی جیهانی)

داهێنانە تەکنەلۆژییەکان و زانیاریە پێشکەوتوەکان لەسەر ئاستی داڕشتنی یاساکان لەجۆری ئازادکردنی ئابورییە بەجۆرێك کە بارودۆخێکی قەزائی لەبار بۆ جیهانگیری دەستەبەر بکات.

لەم دواییەشدا چەند دەوڵەتێك بەئامانجی دروستکردنی ڕێکخراوە خۆبەخشەکان چەند یاسایەکیان داڕشت،چاکترین نمونەش دوای ئەوەی وڵاتە سۆسیالیستەکانی پێشو وازیان لە ئیشتراکیەت هێنا ڕێگایان بەدامەزراندن و دروستکردنی دامەزراوە غەیرە حکومی و مەدەنیەکاندا.

(سیاسەتە تازەکان)

لەم دەیانەی دوایدا،چەند حکومەتێك کەوتنە ژێر پاڵەپەستۆی سندوقی نەختینەیی نێودەوڵەتی کە داوایدەکرد لێیان قەبارەی باج و کولفەی کار کەمبکەنەوە بەئامانجی چاکترکردنی مەرجەکانی ڕکابەرایەتی (نەتەوەیی)،هەروەها زۆرێك لەم حکومەتانە ئەو یارمەتیانەشیان گرتەوە کە دەیاندا بەهاوڵاتیان،هەربۆیە ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئەم بۆشاییەیان قۆستەوە و خزمەتگوزارییەکانی خۆیان پێشکەشکرد بەو هاوڵاتیانە.

ئەم فراوانبونەی کۆمەڵگای مەدەنی لەئەنجامی پاشەکشەی مەوقیعەتی دەوڵەتەوە هات لەبەرژەوەندی جیهانگیری،جوگرافییایەکی تازە دروستبوو کە بەمانای کۆتایهاتنی زەمەنی ئیحتیکارکردنی دەوڵەتەوە دەهات بۆ هەرێمەکان،زۆرێك لەهاوڵاتیانیش گەشتن بەو بڕوایەی کە ئەو هەڵبژاردنانەی دەربارەی دامەزراوەکانی دەوڵەت دەکرێت بەتەنها تاکە تەعبیرنین بۆ هاوڵاتیبون و دیموکراتیەت،چونکە دەزگا نێودەوڵەتی و خاوەن نفوزەکان خاوەن کاریگەرین لەسەر بڕیارەکانی حکومەت کە لەبنەڕەتەوە ئەو بڕیارانە تەشریعی نین،وەك دەزگای سندوقی نەختینەیی.

هەروەها بەهۆی چەند دەزگایەکی تایبەتیشەوە وەك لیژنەی جیهانی بۆ یاسا ژمێرییارییەکان،کاروبارەکانی ئیدارەکردنی چەند بازاڕێکی جیهانی بەڕێوەبەرێت.

بەمجۆرە(کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی)بەشێوەیەکی جوزئی لەگەڵ ئەو هەوڵەی هاوڵاتیاندا گەشەی سەند کە ئامانج لیَی گێڕانی ڕۆڵێکی گەورەتربوو لەئیدارەدانی(سەرو دەوڵەتیەوە)بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئالیەتەکانی دروستکردنی بڕیارە جیهانیەکان.

دەتوانین لەم گەشەسەندنەی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانییەوە پێنج ئەنجام وەدەستبخەین:

یەکەم:(حوکم) یان (حاکمیەت) ئیدی تەنها بۆ حوکومەتەکان نیە،چونکە زۆربەی کۆمەڵەکانی هاوکاریکردن و گەشەپێدانە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ دەزگا ناوخۆیی یان نەتەوەییە ناحکومییەکاندا هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەو پرۆژە و بەرنامانەی کە پەیوەستە بەمەسەلەی(حوکمکردن) و سیاسەت و کاریگەرییەکانەوە.

دووەم :(کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی)لەڕێگای بەشداریکردنییەوە لەداڕشتنی یاساکاندا بەشداری مەساراتە سیاسیەکان دەکات.

هەندێك لەکەسە چالاکەکانی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی پێشنیاری ئەوە دەکەن کە هاوشێوەی نوێنەری دەوڵەتەکان لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا(هەیئەی گەلانیش) دروستبکرێت.

سێیەم: گەشەکردنی کۆمەڵگا مەدەنییەکان مەسەلەگەلی ناسنامە و ئینتیمابونی ڕاستکردەوە،(دەوڵەتبون) و(نەتەوایەتی)تەواوکەری یەکترین،سەرکەوتن و پەرەسەندنی ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیانەشی کە لەسەر پێکەوەبونێکی ڕۆشنبیری یان ڕەگەزی یان چینایەتی دامەزراون وەهایکردوە کە کارلێکی تازە دروستبێت لەنێوان ئەو کەسانەی کەسەر بەو کۆمەڵانەن و سنوری نەتەوەیی یان ناوچەیی بونیان تێپەڕاندوە و لاوازیشیانکردوە.

چوارەم: دەتوانین بڵێین پەرەسەندنی کۆمەڵگا مەدەنییەکانی جیهان وەهایکرد دوبارە چەمکی هاوڵاتیبون بخرێتەوە بەرباس و لێکۆڵینەوە،بەجۆرێك کە هەندێك

لەکەسە چالاکە(نێودەوڵەتیەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان هاوڵاتی جیهانین) بەچاوپۆشین لەهەر ڕەهەندێکی نەتەوەیی یان سنوری ئیداری، گرنگیپێدەری ئەو تەحەدیاتانەن کە توشی ژیان دەبێتەوە.

پێنجەم:بڵاوبونەوە و گەشەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی وەهایکردوە دیموکراتیەت لەسنورێکی فراوانتردا پەرەبسێنێ ئەویش لەڕێگای دروستکردنی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی بەشداریکردنی جەماوەرییانەی تازە کە لەڕێگای جموجوڵەکان و کاریگەرییەکانییەوە بەشداریی داڕشتنی یاسا و تەعدیلکردنی سیاسەتەکان دەکات.

هەر ئەم هۆکارانەش دەنگی چەند توێژێکی لەبیرکراوی گەیاندۆتە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار.
هەموو ئەمانەش بەمانای ئەوە نایەت(کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی) وێنەیەکی ڕوناکبەخش و پرشنگدارە بەتەواوەتی.
بەڵکو چەندین مەترسی هەیە کە لەوانەیە بەهۆی بەردەوامبونە فراوان و گەشەسەندویەکەیەوە دروست بێت.
یەکێك لەوانە ئەوەیە پێدەچێت ئەو ململانیٚ سیاسیانەی کە توانای تازەبونەوەیان کەمبوەتەوە جارێکی دیکە بەتوانایەکی تازەترەوە دروست ببێت.
هەروەها یەکێکی دیکەی ئەوەیە کە هەندێك لە پێکهێنەرەکانی توشی هەڵخزان دەبێت و ئەوانە پەراوێز دەخەن کە نوێنەرایەتییان دەکەن و خودی خۆیان دەبنە خاوەن نفوز و دەسەڵات.
یەکێکی دیکەش لەو مەترسیانە ئەوەیە پێدەچێت پارەی تاوان دزەبکاتە(کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی)یەوە و خاوەنەکانی بەڕێگایەکی ناشەرعی پرۆسەکانی سپیکردنەوەی پارە ئەنجامبدەن.
سەرچاوە/
ڕۆژنامەی(الاتحاد)ی ڕۆژی 20/11/2005
*مامۆستای زانستە سیاسیەکانە لەزانکۆی(وادویك)ی بەریتانی
*لە ژمارەی ڕۆژی 31/1/2006 ی ڕۆژنامەی(کوردستانی نویٚ)دا بلاوبوەتەوە.